# قسەیەک لەگەڵ هاوڕێ برایمی عەلیزادە!

**نووسینی: ئەحمەد بەهرامی**

## ١

ئینسانەکان خۆیان جۆری بیروباوەڕیان هەڵدەبژێرن و خۆشیان ڕەتی دەکەنەوە. غەیری ئەوە هەر پێشداوەریەک، غەیرە مەنتیقی و ناعیلمییە.

**بەقەولی ژان پۆل سارتر کە دەڵێ: ئینسان کاتێک مەحدود کراوە، پەنا دەباتە بەر شتی خراپ و لەگەڵ خۆشی درۆ دەکات. بەڵام ئازادی بە پێچەوانەوە پاڵمان پێوە دەنێ ببینە شتێکی دیکە، نەک بوکەشوشەیەکی بێڕۆح. لەلایەکی ترەوە ئازادی ناچارمان دەکات خۆمان وەک خۆمان، وەک ئەوە ئینسانین و هەین، خۆمان بناسین و دەرکەوین، لەوکاتەدایە کە ڕاستی و دروستی ژیان تێپەردەکەین.**

هەوڵمداوە کۆمەڵەو جونبشی کۆمەڵە،وەک ڕەوتێکی چەپ و عەداڵەت خواز پارێزراوبێ. ئەوەش بەمانای باسنەکردنی کەمووکوڕیەکان نین.

هاوڕێ برایمی عەلیزادە لەڕۆژی ٢٧/١٠/ ٠٧، لەکۆبونەوەیەکی عەلەنیدا، باسێکی بەرفراوانی لەسەر زۆر بابەت هێناگۆڕێ.

ئەوەی لەم کۆبوونەوەیەدا سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و هانیدام کە قسە بکەم، شێوەی بەرخوردی هاوڕێ برایم، نیسبەت بە نەیارانی ئێستای ناو حیزبەوە بوو. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئەوە بوو، کە هاوڕێ برایم لە لایەک نیگەرانی ئەوە بوو لەسەر بڵاو بوونەوەی باسی ئەو هاوڕێیانە، وەک خاوەن نەزەر لەناو حیزبدا لەم کاتە حەساسەدا. بەقەولی هاوڕێ برایم قسەی ئەو جەماعەتە بۆیە بەرگری کراوە لە بڵاوبوونەوەی لەتێڤی کۆمەڵە، لەبەر خولڵقاندنی کێشەی دیپلۆماسی و ئاڵۆزی ناوچەکە بوو. هەروەها تیژکردنی ئەحزابی ناوچەکە لەکۆمەڵە، یان نیگەرانی خەڵکی لەو کاتوساتە حەساسەدا زۆرتر دەکرد، بۆیە کومیتەی ڕاگەیاندن بەرگریکردوە لەبڵاوبوونەوەی لەتێڤیدا. بەڵام کە خۆی باسی مەسەلەکانی دەکرد، ئەم ترسو نیگەرانییە نەبوو!! بەڵکوهەوڵیدا تەواومەسەلەکان بگۆڕێ و بەتەحقیر ناوی نەیارانی دەبرد."**وەک ئەوە نازانین بۆ هەرلەئەوەڵەوە لەگەڵ جەرەیانیجیاوەبوو(یانیزەحمەتکێشان)ئەو سەردەم نەدەچوون"؟ بۆ مانەوە وبەتەمای چی بوون!!**

سەیرلەوە دابوو سەرەڕای نیگەرانیەک کە بووی، لە موردی قسەی ئەو جەماعەتەوە، کە لەوانەیە کێشەی دیپلۆماسی دروست بێ بۆ کۆمەڵە و یان خەڵکی نیگەرانبن، ناوچەکە ئاڵۆز بوو!! بەڵام هاوڕێ برایم کاتێک خۆی باسی کێشەکەی دەکرد و باسی مەسەلەکانی دەکرد، لە کێشەکانی دەکۆڵییەوە، هیچت نەدەدی کە ئەو نیگەران بکات، نە لە بارەی ئەمنی وئاڵۆزی، یان دیپلۆماسیدا! بەڵکو زۆر ڕاشکاوانە بۆچونەکانی خۆی دەکوتن و مەسائیلە تەشکیلاتیەکانی دێنانە گۆڕێ.. بۆ قسەو نەزەراتی ئەو لەم بابەتەوە، هیچ باسێک لەگۆڕێ نەبوو لەبارەی نیگەرانی خەڵک ومەحدودێتی دیپلۆماسی و ئەمنییەوە!! یان تێژبوونەوەی حیزبی ناوچەکە لەکۆمەڵە و بەوجود هاتنی خەتەرات بۆ سەر کۆمەڵە. بەپێچەوانەوە زۆر وریایانەش هەوڵیدا بۆ فەراهەمکردنی زەمینە و فەزای تەبلیغی دژی نەیارانی بخولڵقێنێ. ئەمە وەک پەردەیەکی تاریک وابوو، لە ناو تەحلیلەکەی ئەودا.

بەڵام ئەوەی هەدەفی ئەسڵی ئەو بوو لەپشت ئەم پەردەیەوە و ئەوەی دەیدرکاندن، ئەوە بوو کە زۆر بە ئاسانی و بۆ هەمیشە ئەو جەمعە بخرێنە پەراوێزەوە!! هەوڵیدا بەبێ نەزەرو نادیار ناویان بەرێ. ئەڵبەتە هەموو دەزانن کە ئەم جۆرە باس و وەڵامە شتێکی تازە و بۆ یەکەمجار نین کە دووبارە دەبنەوە لە دژی

نەیار و ڕەخنەگر لە ناو حیزبی‌کومونیستی ئێراندا. ئەمە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیست و سێ ساڵ لەمەو بەر.

هاوڕێ برایم بۆ پاساو هێنانەوەی بڵاو نەبوونەوەوی قسەی ئەو جەماعەتە، وەک نەزەراتی نەیارانی حیزب لە تیڤی کۆمەڵەدا. دەڵی" **لەبەر ئەوە بووە کە ئەوە کومیتەی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کۆمەڵەیە، ئەم سەلاحییەتەی هەیە و تەشخیسی داوە بڵاو نەکرێتەوە، بۆیە بڵاو نەبونەتەوە**!!،دەنا کەسی تر دەخالەتی **نەبووە. ئەگەر بڵاویش نەکراوەتەوە، لەبەر باری ئەمنییەتییەوە بوو، کە باسی ئەو هاوڕێیانە لە تەلەڤزوێنی کۆمەڵەوە بڵاو نەکراوەتەوە؟! لەبەر ئەوە لەو کاتەدا ئەوزاعی ناوچە باش نەبوو، نیگەرانی خەڵکی زۆرتر دەکرد، کێشەی دیپلۆماتیکی دەخولقاند!! ئەو کومیتە دەبێ ئەوانە تەیدکات؟؟ لەبەر ئەوە لەو کاتەدا کێشە هەبوو لە ناو حیزبەکان ، ئەمەش بۆ کۆمەڵە باش نەبوو، ئەم ڕواڵەتە لەکۆمەڵە بدرێتە دەرێ!!.**

**یان دەڵێ" ئەو هاوڕێیانە وەک نەیار، هەموو ئورگانێک لەئیختیاری خۆیاندایە! بۆ باسی نەزەراتی خۆیان ناکەن!! کێ ڕێگای لێگرتوون؟**

هاوڕێ برایم دەزانی کە قسەت بوو لەناو حیزبدا، ئیدی خاوەن تەسمیم و جێگەی باوەڕ نی، وەک بێگانە وەردەگیرێی. خۆی باش دەزانێ کە ڕەخنەت گرت و ناوی نەیار هاتەسەرت، ئیدی دەکەویە بەرفەزای هوو، نەک فەزای سیاسی و دیالۆگ!! ئەمە هەمووی بەڵگەی مێژوویی هەیە و من بوختان هەڵنابەستم. ئیدی پینەی دیپلۆماسی ئەم شەقوشرییە داناپۆشێ. لێرەدا دەبێ بڵێم، کامە لەوانە مافی بڵاو بوونەوەی قسەکانی خۆیان بووە لە ئورگانە ڕەسمیەکانی حیزبیدا؟ کام لاپەڕەی پێشڕەو بۆچوونی ئەوانی تێدایە؟ کام پانێلی تیڤی کۆمەڵە ئەوانی تێدابوون وکێ دیتوونی؟. گێڕانەوەی قسەی ڕۆژی کۆمەڵە، مانای ڕێگەدان بە نەیار و قسەی نەیار نییە!! ئەوە مێژووی کۆمەڵەیە و هەموو کەس دەتوانی باسی کات.

هاوڕێ برایم لەگەڵ کوتنی **ئەوە کە"هەموو ئورگانێکی ڕاگەیاندنیان لەبەر دەستە، بۆ باسی نەزەراتی خۆیان ناکەن**!!لێرەدا کەسی دوور،یان بێ خەبەر توشی هەڵە دەبێ لەمەوردی ئەو هاوڕێیانەوە. فەزای ئازادیان هەیە بۆ قسە ناکەن؟.تۆ لەلایەک مەجالیان پێنادەی قسەکانیان لە تیڤیکۆمەڵەدا بڵاو بێتەوە!! چۆن دەتوانن لەڕادیۆو ڕۆژنامەکاندا ئەم کارە بکەن!! ئەی کێشە دیپلۆماتیک و ئەمنیەت و خەتە سوورەکانی موقابیلیان چی لێبەسەر دێ، کەئێستا مەورودی مولاحزەتە؟

دوایش ڕوون نییە لەم یەک دوو مانگەدا چی قەوما؟ وا ئەم تەوژمە ڕەویەوەو شەرایت ئامادە بوو، کە قسەکانی هاوڕێ برایم بێ کێشە و بێ ترس بڵاو بنەوە لە تیڤیدا؟ ئەو کومیتەیە ئەوەندە تیژ تەشخیسی مەسائیل دەدەن، کە ئاولەئاو تەکان نەخوات. ئەوکاتە چ لەگۆڕێ بوو کە ئەو کومیتەیە تەشخیسیدا، نابێ قسەکانی ئەو جەماعەتە بڵاو بێتەوە؟ بۆ ئێستا ئەو فەزایە شکاو نەماوە!! شەرایەت ئامادەیە بۆ وەڵامدانەوەی قسەی موقابیل؟ ئەمە ڕوکەشی مەسەلەکەیە بۆڕێگەنەدان نە هیچیتر. ئەگەر مەبەست شەڕ و تێهەڵدانی حیزبە ناسیاسی و دواکەوتووەکانە، ئەوە هەر بووە و درێژەی هەیە. ئەوە ناتوانێ هیچ پاساوێک بێ بۆ نەهێشتنی بڵاونەبوونەوەی قسەی نەیاران لە تیڤی کۆمەڵەدا. ئەڵبەتە ئەو فەزا و شەڕایەتەش نەبوایە، ئەو کومیتەیە قەتعەن نەیدەهێشت ڕوخساریان بچێتە سەر شاشەی تیڤی کۆمەڵە.

یان ئەگەر مەبەستی هاوڕێ برایم ئەوەیە، کە ئەو جەماعەتە وادار کری، شتێک جیالەوەی کۆمەڵە دەیڵێت، ئەوان بیڵێن، ئەوە بەهانە و پەڵپ پێگرتنە.. لەبەر ئەوە لێرە پرسیار ئەوەیە، بۆچی سیاسەت و جیهەتەکانی تائێستای کۆمەڵە هی ئەوان نییە؟ ئەوان و تەواوی تەیفی کۆمەڵە کە دوای کەس نەکەوتن و خۆیان بە لایەنگری چەپ و عەداڵەت خوازی کۆمەڵە دەزانن. لەوە تائێستا کۆمەڵە کە وتوویە لایەنگری دەکەن. کۆمەڵە و سیاسەتەکانی بەرهەمی کارو ڕەنجی ئەوانە و ئەوەش ڕوانگەو سیاسەتیانە، دەبێ شتێکی جیا لەوە بڵێن!! بۆ قەرارە هەرکەس قسەی بوو، ئیدی بەمانای لادان لە بیرکردنەوەیەتی، یان لادان لەکۆمەڵەیە!! ئەگەر نەیارانی ئێستا لەسەر نەزەرات و قسەکانیان بەوە موتەهەمن و جەوسازی دژیان دەکرێ، کە بۆ نەڕۆیشتن،

ئەوە باسێکی سیاسی دیار و فەزا پێتەنگکردنە. ئەمەش هەوڵ نییە بۆ حەلی کێشەکان و قسەکانی هاوڕێ برایم ئەمە دەسەلمێنێ.
ئەوان دەڵێن"باحیزبی کومونیست نەمێنێ، لەبەر ئەوە وەسیلەیەک بووە، تائێستا خۆی تاقیکردۆتەوە، ئەوە نییە کە ئیدی هێزی کۆمەڵەی پێوە خەریک کرێ. قسەیان ئەوە نەبووە و نەوتراوە سیاسەتەکانی کۆمەڵە بگۆڕدرێن". ئەوان دەڵین کۆمەڵە خۆی خاوەنی خۆی بێ!! چۆن ئێوە دوای بیست ساڵ بۆ دڵ خۆشی و ئەهۆەنکردنەوەی دڵی کەسانێک، تئۆریەکانی مەنسووری حیکمەتی دژومنی کۆمەڵە زیندو دەکەنەوە. ئەوانیش مافی خۆیانە کۆمەڵە بەجی نەهێڵن بۆ کەس. هەوڵدەن بۆ یەک پارچە بوون و بۆ ئەوەی کۆمەڵە بەرنەوە سەر ڕەوتی خۆی کە لە حەرەکەتی دروست و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵە وکاک فوئادەوە هەڵدەقولان.
**منیش ڕەخنەم لەو هاوڕێیانە هەیە، کە نایانەوێت شەفاف بدوێن و بنەمافکریەکانی کۆمەڵە لەو بنەما فکرە چەوتانەی دامەزراون و بوونە سیستمی تاک ڕەوی هەڵاوێرن، کە دایم حیزبی کومونیست خۆی بەو تئۆریە ڕوخاوەوە دەمەزەرد دەکاتەوە، نەهیچی تر!!**
بەڵام ئەوەی لێرە بەم باسە دەگەڕێتەوە، ئەم جۆرە شانۆیە لەدژی خاوەن قسە تازە نین لە حیزبی کومونیست وکۆمەڵەدا.ئەگەرنا!!نەدەبوو هاوڕێ برایم لەم کاتەحەساسەدا کە بۆخۆی لێی نیگەرانە!!بۆخۆی بەدەستی خۆی ئەم ئاورەی دژی کۆمەلەی خۆشکردایە!! لەبەر ئەوە کێشەی دیپلۆماتی،هەر بەقسەی لایەنێک دروست نابێت،هێڵی سوور هەر بۆ لایەنێک نییە. بەپێچەوانەوە کۆمەڵە موحتاجی سەبرو حەوسەلەیەو نابی زامەکانی قوڵبنەوە. دەبوو وەک سەرکردەیەکی دیاری کۆمەڵە، هاوڕێ برایم سەبری بکردایە و ئاوا زوو واردی کۆبوونەوەی موقابیل نەبوایە. ئەوە بەقازانج نییە،ئەوە سەری برینەکان ئاوالاتردەکا و فەزای ناسیاسی دەخولقێنی. هاوڕێ برایم دەبوو لەم کۆبوونەوەی خۆی نیگەران بێ و بە تارمای خەتەری دانێت بۆ سەر کۆمەڵە.

## ٢

## ئەوانە بۆ نەڕۆیشتن؟

لەئیدامەی ئەم کۆبونەوەیەدا، لە وەڵام بەپرسیاری چەند بەشدارێک، لە سەر ئەو کەسانەی کە بۆچوونی جیایان هەیە لەناو حیزبدا، دەڵێن چی و جیاوازییەکان چین. هاوڕێ برایمی عەلیزادە دەڵێ: **ئەم باسانە کۆنن لەناو ئێمەدا!! ئەو هاوڕێیانە لەساڵی دوو هەزارەوە ئەو باسەیان هەیە، بەڵام بۆ لەگەڵ جەماعەتی جیاوەبوو (مەبەستی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانە) نەچوون نازانم؟؟ دیارە ئەوانە شایەد برێک جیاوازیان بۆخۆیان دانابێ!! یان بەتەمای زۆر بوونن و لەم کارەیاندا هەوڵدەدەن و بەتەمان، ئەویش ئەوەیە کە دەیانەوێ هەمووی حیزب بەدەستەوە گرن.... بۆیە ماونەوە و لەگەڵ ئەو جەماعەتە نەچوون!!**
ئەم قسەیە ڕواڵەتی سادەی هەیە، بەڵام هەڵگری شیعاری هێرش بۆ سەر نەیارە. **بۆ لەگەڵ ئەوان نەچوون؟ نازانم؟ بەتەمای زۆرینەن!!.** ئەم وتە سادەیە هەرچی لێی ورد دەبییەوە، خەتەرناکە و لە ناوەرۆکدا سیاسەتی هێرش و ترۆی شەخسی و سیاسی نەیارانی لەپشتە. ئەو کەسەی کەوتبێتە ناو کێشەی سیاسی و ژەهری کێشە و شەڕی ناوخۆییەکانی حیزبی خواردبێ، ئەم جۆرە وەڵام و پرسیارانە دەناسێ!! ئەمە زامێکە لەسەر ڕۆحی هەموانە و ئازارەکانی دەمێنێ!!
ئەم تئۆرییە درووست لە دەمی کەسێکەوە دووبارە دەبێتەوە، کە خۆی قوربانی و زەرەرمەند بوو!! بەڵام ئەمرۆکە بۆ خۆی بەهاوڕێکانی دەڵێ"**بۆ لەگەڵ جیاوەبوانی ساڵی دوو هەزار نەچوون**؟؟مانای عەمەلی چییە.. ئاکامەکەی دەبێتە چی؟! ئەم وەڵامە هەر دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکە ئاکامی چیدەبێ؟ چ فەزایەک دەخولقێ!! ئایا بەغەیری موتەهەمکردنی ڕەخنەگران لە سەر قسەکانی خۆیان، و خستنە پاڵ جەرەیانێکی شکست خواردوی بەرەو ئیرتیجاع چووە، چیدیکەی لێ بەدی دەکردێ؟! بەپێی کام پێوانە لەمێشکی

ئینسانەکان دەکۆڵنەوە و بۆی دیاری دەکرێ!! دەبوو چییکردایە،بۆ نەڕۆیشت؟ ڕاست بی یان چەپ؟ سوسیالیست بی یان غەیری ئەوە.. ئەمە ژەهری بیری سەرانی دەفتەری سیاسی ئەوکاتی حیزبە، لەسەر ڕەخنەی کاریکاتۆڕی سادە!! ئەندامی حیزبیان دەرکرد، کە لەلاپەرەی کێشەکان نابرێ!! ئەم بیرە ئێستا بۆتە کاسەی پڕی کۆنگرەی دوازدەی کۆمەڵە و یاسای حاکمێتی شۆڕشگێڕانە بۆ دواڕۆژی کوردستان داناوە، لە نووسراوەکەی کاک سەلاحی مازوجیدا، کە لەوێدا حازر نییە قسە لەگەڵ کەس بکات.(دوای باسیدەکەین)

بەڵام بزانین ئەم میتۆدە بەدوای چییەوەیە؟ بۆچی بەجێگەی بەوجودهێنانی باسی گونجاوتر،بەجێگەی سازکردنی فەزای سالمی سیاسی و گونجاو، کەبتوانێ ڕۆح بداتە هەموو تەشکیلات و ئینسانەکان بتوانن، خۆیان ساخ کەنەوە. مەجالیان بێ ئەوەی دەیڵێن و باوەڕیانە، پوختەی کەن و بناغەی فکری کۆمەڵەی پێ قایم بکرێت. خاوەن قسە بەخۆیاندا بچنەوە و نەسڵی تازە ئەزموون لەم کێشانە وەرگرن!! ئەم سیستمە دایم هەوڵ دەدات بەشێوەی دواکەوتوانەو هروژاندنی بیری تەسک، بەرەورووی کێشەکان بێتەوە و ترۆری شەخسی وەرێ خات!!؟ ئەم سیستمە فکریە لەبەر چی پەنا دەباتە بەر ئاوا شێوەیەک و هەوڵ دەدات فەزا ئاڵۆز دەکات؟ ئایا بەغەیری ئەوەیە کە ئەم فکرە توانای تەحەمولی دیالۆگ و قسەی نییە!! توانای قەبووڵی ڕەخنە و پێداچونەوەی نییە. بۆ ئەم جەرەیانە توانایی هەیە، بەباشی نوکتە بە هێزو لاوازەکانی خەڵکی باش بناسێ لەدژی خۆی؟ بەڵام لە ئاست ناسینی خۆیدا کولە؟! ئەمە دروست پیشەی سیستمی فکری خۆ بین و پاوانخوازە، کە حیزب کاتی خۆی لەسەر دامەزرا.

ناکرێ کەسێک یان جەرەیانێک خۆی بە ڕەوتی ماتریالێزمی مێژوویی بزانێ، باسی گەشەو سەرهەڵدانی بەرەو پێش چوونی ڕوداوەکان بکات و خۆی لەم بوارەدا تاریف کات. هەوڵی ئەوە بدات بە شێوەی عیلمی و شارستانی بەگژ دابوو نەریتی کۆندا بچێتەوە. هەوڵبدات پایەی فکری و حیزبی خۆی پتەوتر کات و هێزی سیاسی خۆی ئامادە بکات، بۆ پوختە بوونی خەباتێکی سیاسی هەمەلایەنە. بۆئەوە بزووتنەوەکەی خۆی پێ دەوڵەمەندکات. تا بتوانێ بەم هەنگاوانە لە موقابیلی کێشەکاندا، بەدروستی بچێتە پێش.

حیزبێک ئەمە ئیدیعای بێت ناکرێ ئەم سیستمەی بێت. بەڵام هەرچی سەیری ڕووداوەکان دەکەی و بە مێژووی وێرانەی کۆمەڵە و حیزبدا دەچییەوە!! ئەمانە نابینی؟ لەم بیستو سێساڵەدا بەهەر کام لەو کێشانەدا دەچیەوە، ئەم سیستمە فکریە بە ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ئاڵۆز دەبێ؟ کەمترین تەحەمول لەخۆیدا نیشانندادات. ئەمە ئیدی جێگەی شک و گومانەو دەبێ لەموقابیلیدا ڕاوەستی. ئەمە خۆ هەر موشکلی فەردێک و دوان نییە!! خودی سیستمەکە ئاوای دەوێ و ئاوایە.

کاتی خۆی بەرەی شوڤێنیزمی بە دەسەڵاتی ناو حیزبی کومونیست، بە کۆمەڵە و هەموو جونبشی خەڵکی کوردیان کوت "ڕابین هود و چریکهای کۆنترای سەر بە ئەمریکا وهەزار شتی تر... ئەمرۆکەش لەموقابیل مودافیعانی کۆمەڵە، لە موقابیلی ئەو کەسانەی هەر ئەوکات، پیلان لەدژیان گێڕدرا، ئێستاش ئاوا دژیان دەوەستنەوە!! سادە پێیان **دەڵێن بۆ لەگەڵ جیاوە بوانی تر نەدەچوون**؟ کوتنی <u>ئەم جوملە هەمووی مەدارە سیاسییەکان دەشێوێنێ</u>. ئیدی قسە و باسی لایەنی موقابیل، وەک لایەنی خاوەن قسە، هەرچی قسەی سیاسی بێ و هەوڵی کارکردن بدات بۆ جێ خستنی باسەکانی خۆی، بەدوو جوملە لەدەمیدەدەن و نابێ متەق بکات (**بۆ نەڕۆیشتن ناسویناڵیست برۆن، دەبوو ساڵی دوو هەزار ئێوەش برۆیشتنایە**).

هاوڕێ برایم باش دەزانێ چۆن کەڵک لەم جوملە وەرگرێ. دەزانێ چۆن بیکاتە خۆراکی باسی ناو هەموو حیزب، هێز لەدژی نەیارانی خۆی کۆکاتەوەو فەزایان لێ ئاڵۆزکات .هاوڕێ برایم دەیەوێت بەم شێوە و ئاوا ڕێگای دیالۆگ بگرێتە بەر!؟ بەداخەوەم شکانی ئەمانە دەبێ چ لەزەت و خۆشییەکی تێدابێ؟ بەغەیری شکانی بەرەی کۆمەڵە و شکانی ئەوانەی کۆمەڵەیان تا ئێرە هێنا. هاوڕی برایم ئەزموونی باشی هەیە و دەزانی،کە ئەم قسەیە خۆی سووژەی تەبلیغات و ئاژیتاسوێنی سیاسییە، دژی نەیارانی سیاسی ناو هەر حیزبێک

دەخولقێنێ.دەزانێ ئیدی موخالیف هەر قسەیەک بکات، هەر باسێک بێنییە گۆڕێ، وەڵام ئامادەیە،(**بۆ نەچوونە ناو بەرەی ڕاستەوە؟ بۆ ساڵی دوو هەزار نەڕۆیشتن،ئێرە جێگاتان نییە.**
ئەم سیستمە بەرچاوتەنگە، بەبیریدانایەت کە بۆیە لەگەڵ هیچ کام لەجیاوەبووەکان نەچوون! لەبەر ئەوە بوو ئەوانەی ئێستا ئەندامی حیزبن و ئەوانەی ئەندام نین، ئەوانە کادرە ناسراوەکانی کۆمەڵەن. ئەوانە لە ڕەهبەرەکەوە تا هەمووی خەت و نیشانەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و تئۆری داڕێژەرانی حیزبی کومونیستیان پێ ڕاست نەبوو، ئەو کێشانەیان پێ ناسیاسی بوو کە لە کۆمەڵەدا بوو. ئەوانە لەئارمانی سوسیالیتسی و ئازادی خوازی کۆمەڵە بەرگریانکردوە. کۆمەڵە بەهی خۆیان دەزانن و بۆی دەمرن، بۆیەش لە گەڵ کەس نەچوون. ئەم کەسانەی کەئێستا شانتاژ دژیان دەکرێ و بوونە شەیتانی ناو حیزبی کومونیست. ئەوانە دوای پلە و مقام و پوڵ نەکەوتن!! هەر کام لەوانەی ئێستا ئەندامی ئێستای حیزبن، یان لەدەرەوەی حیزبن!! ئەوانە مقام و مەسئولیتیان بوو،پوڵ لەبەر دەستیاندابوو، ئیمکانی هەڵسوڕان وخۆ نیشاندانیان هەبوو. پێشینەیەکی ڕوونیان هەیە. سەرانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان مەمنوون دەبوون هەر ڕاگەیاندنێکت لەگەڵ ئیمزابکردنایە.
ئەوەی ئەم بەرەی ڕاگرتووە، باوەڕی چەپ و ئازادی خوازییە، باوەڕ بەئارمانی ئینسانی تائێستای کۆمەڵەیە. هەر ئەو باوەڕیە کە هەمووی تەمەن و ڕۆحیان لەسەر داناوە!! ئەگەر جورئەتیان کرد کۆمەڵە و بەرەی سوسیالیستیان هەڵبژراد!! دەشیانتوانی باوەڕی دژی ئەوە هەڵبژێرن و لە هەموو کەسیش بێمنەت بن.
ئەگەر ئێستا مەحفەلێکی بەدەسەڵات ناهێڵێ دەنگی هیچ نەیارێک بێتەدەرێ و قسەکانی خۆی بەئازادی بەیان بکات، ئەوە شتێکی ترە. موتەهەمکردن و ترۆی شەخسیەت هەر لەم پێناوەدایە لە حیزبەدا؟!! ئەی ئەوە نییە بانترین مەرجەع خەتی کێشا، ئیدی نەیار دەبێ لەقەفەزی خۆیدا بپوکێتەوە!! ئەی چۆن نەیاران دەمکوت دەکرێن؟ چۆن لایەنی بەدەسەڵات شمشێری خۆی لەکالان ڕادەکێشێ و بە بریقەکەی هێزی خۆی وەحەرەکەت دەخات!! سادەبوون و مانای سیاسی و عەمەلییەکەی ئەمەیە، کە بەیەک جوملە فەزا ئاڵۆز دەبێ. ئەوکات چۆن دەتوانن بەئاسانی و ئەو جۆرەی هاوڕێ برایم دەڵێ قسەکانی خۆیان باسبکەن، ئەوە هەموو ئورگانێک لەبەر دەستیانە!! بەڵام بەکوتنی **ئەوەی** بۆ **نەڕۆیشتن**، ئیدی ئەمە دەشێوێت و بەرچەسپی ناڕەوا و ناسیاسی بۆ سازدەکرێ. کێ لەبیری چوو سەرانی شکست خواردووی بەدەسەڵاتی حیزبی کومونیست کاتی خۆی چیان بەسەر لایەنگرانی کۆمەڵە و خودی هاوڕێ برایم هێنا. چەندە کادریان دەرکرد...دەفتەری تۆبەیان بۆسەدان کەس دانا... هاوڕێ ئیبراهیم خۆی جوانی لە یادە کە، چیکرا بەدەست دەسەڵاتدارانی ناو حیزبی کومونیستی ئێران، لەساڵەکانی ١٣٦٧ و ١٣٦٨تا ١٣٧٠. چۆن ترۆری شەخسیکران و وەک پەڕۆی کۆنیان لێبەسەر هات!!. لێرەدایە کە فاسیلە گرتن لە ئەقڵی سیکتاریستی و پاوانخوازی دەتوانێ بوار بۆ لەیەک تێگەیشتن و حەلی کێشەکان بڕوخسێنێ. نەک شێواندنی فەزا و لێڵکردنی کەش وهەوای ڕوداوەکان.

**٣**

**دوای دەسەڵات لەگەڵ کەس حازر بەگفتوگۆ نین.**

ئەمە سیاسەتێکی تازە و یەک شەوە نییە. ئەم سیستمە دەبێتە ستراتێژی بۆ دواڕۆژی کوردستان، هەر ئەو سیستمەیە بە پاش و پێشکردنی قسەکانی ڕابردوو.
ئەم میتۆدە لە ساڵەکانی ١٣٦٣وە، ڕۆژ بەڕۆژ توندتر بۆتەوە. لە بەرخوردی دەفتەری سیاسی ئەو کاتەوە بە نەزەراتی عەبدوڵای هوشیاریان و هاوڕێکانی تا باسەکانی کومونیزمی کاریگەری و تا ئێستا، یەک سیستمی فکیری زاڵە ئیدامە بەم ڕەواڵە دەدات. ڕەهبەرانی ئەم سیستمە لە هەرلایەک بن، ئێستا لەگەڵ هەرکام لە جەرەیان و بەشە جیاوەبووەکانی ئەم حیزبە بن و هەر ناوێکیان لەسەر بێ کێشەنییە. ئەوەی خزمایەتی لە گەڵ ئەم بۆچوونە بێ، یان لەو لە دایک بووبێ فەرق ناکات. حیزبی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانە، بەرەی

حیکمەتیستە،بە تەواو شاخە ولقوپۆپەکانییەوە، حیزبی‌کومونیستی ئێران. هەرکام لەمانە بەشێوەی خۆی هەر ئەو هەڵسوکەوتانە دەکەن.
باسی حاکمێتی کاک سەلاحی مازوجی، پەسندکراوی کۆنگرە دوازدەی کۆمەڵە،تەواو هەڵێنجراوی هەر ئەو قسە کۆنانەیە کە لەپێشدا لە حیزبی کومونیستدا کوتراون و دووبارە وەک سیاسەتی حاکمێتی شۆڕشگێڕانە کۆپییە کراونەتەوە. ئەم سیاسەتە ئیدی ڕووبە دەرەوەو ڕوو بە هەمووی کۆمەڵگایە. لەماڵی حیزب هاتۆتە دەرێ و بەهەموو کۆمەڵگا دەڵی"تا ئێستا لەناو خۆمدا بووم، ئەوە بە ئێوەشی دەڵێم، کە من سەر کەوتم، بەتەمای قسە و جەدەل مەبن، من دەسەڵاتدارم".
خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە، خودی نووسەر خۆی و هەمووی حیزبەکەی لەکاتی خەبات و ئۆپوزسوێندا، داوای ئازادی بێقەید و شەرت دەکات، بۆ هەڵسووڕانی سیاسی و بە ڕەسمی ناسین لە کۆمەڵگا. ئەم حیزبە فەزا تەنگ دەبینێ و داوای بەرفراوانی بوونی فەزا دەکات. باسی ئازادی بۆحیزب و مافی کەمینەکان دەکات.
بەڵام کە خۆی بەسەڵات گەیشت، دەڵێ وەڵامی کەس نادەمەوە؟ ئەمە ئیدی هەموو شەرتەکان دەباتە ژێر پرسیارەوە!! بەغەیری بۆخۆی نەبێ، کەس مەجالی بۆنامێنێتەوە. حازریش نییە لەسەر دەسەڵات گفتوگۆ بکات. تئۆری حاکمێتی شۆڕشگێڕانە،هەمووشت دیاری دەکات، تەواو موتڵەق و بێ چوون وچرا کراوەتەوە.. ئیدی تۆ ناتوانی لەم دەسەڵاتەدا، وەک حیزبی نەیار، یان ڕێکخراوی موستەقیل داوای کارکردن و بەشداری لە ئیدارەی کۆمەڵدا بکەی. لەبەر ئەوە ئەو مافە ڕەدکراوەتەوە.
کاکسەلاحی‌مازوجی لەجیهانی ئەمڕۆی ژمارە١٧٧ دا،بڕیارنامەی حاکمێتی شۆڕشگێڕانە بۆ داهاتووی خەباتی کۆمەڵە لەکوردستان فۆرمۆڵ بەندی دەکات، کە لە کۆنگرەی ١٢ پەسندکراوە و وەک سیاسەتی کۆمەڵە بۆ حاکمێتی دوای ڕوخانی ڕژیمی ئیسلامی ئامادەکراوە. دەڵێ"**کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانەی خۆی، دەیەوێت بەخەڵکی بڵێ کە ئەمری حاکمێت لە کوردستانی ئازادا، مافی بێ ئەملاوئەولای کرێکاران و خەڵکی زۆر لێکراوی کوردستانە. کۆمەڵە حازر نییە لەگەڵ هیچ حیزب و گورهێک لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لە دوارۆژدا، واریدی قسە و گفتوگۆ بێت.**
وشک و ڕەق، منم کە بەدەسەڵات گەیشتم، دیاری دەکەم کێ چیبکات؟ ئەمە تەنیا قسەی نووسەرێک، یان شەخسێک بەتەنیا نییە کوترابێ، بەڵکو وەک یاسا بۆ دەسەڵات لە دوارۆژی سەرکەوتن لە حاکمیەتی شۆڕشگێڕانەدا پەسندکراوە، وەک سیستمی ئیدارەی وڵات چاوی‌لێدەکرێ. سیاسەتی کۆنگرەی ١٢کۆمەڵەیە، بۆتە یاسا بۆ کارپێکردنی لەکوردستاندا، وەک ستراتێژیکی شۆڕشگێرانە.
لێرە لەپێش هەمووشت دەبێ بەدوای چارەنووسی ئازادی و شیعاری ئازادی بێ قەیدوشەرتەوە بین. دوای سەرکەوتنی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانە، ئەم ئازادیە چی لێبەسەردێ؟ زەمانەتی کار و هەڵسوڕانی ئەحزاب و کەمینەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان، چۆن دەبێ و چۆن دەتوانن خۆ دەرخەن؟ کاتێک حیزب و کەمینە سیاسی کۆمەڵایەتییەکان کوتیان "ئێمە وەک نەیاری دەسەڵاتی شوڕا،یان ئەو دەسەڵاتە شۆڕشگێڕانەیە دەمانەوێ کار بکەین، ئەو یاسایەمان قەبووڵ نییە و داوای هەڵسوڕان بە جۆرێکی تردەکەین. یان دەمانەوەێ لەو دەسەڵاتەدا بەشدار بین و تێیدا شەریک بین وەک حیزب و تاک، چی لێدێ؟. لێرە لەتەوای ئەو نووسراوەیەدا، جێگایەک شکنابەی، کە وەک ڕێکخراوی نەیاری ئەم دەسەڵاتە خۆتی تێدا بدۆزیەوە!! هەموو شت بەدەست دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانەوەیە. ناتوانی هیچ نیهادێک پەیدا بکەی قسەت لەگەڵ بکات..یان کە موخالیف بووی چیت لی‌بەسەردێ؟! ئیدی ئەمە لەوە دەچێتە دەرێ کە ئایا، نەیاری سیاسی دەوێرن ڕەخنە بگرن یاننا.. دەوێرن باسەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ؟ ڕێکخراوی خۆیان سازکەن.. ئەم یاسا موتڵەقە وەک حاکمێتی شۆڕشگێڕانە، بەکوتەی خۆی ئیجازە بەهیچ کەس نادا دەخالەت بکات و گفتوگۆشی لەگەڵ ناکات؟ کەواتە کەمینەکانی ناو کۆمەڵگاش بۆیان نییە ئەو داوایە بێننەگۆڕێ. لەبەر ئەوە ئەم یاسایە هەر لە ئێستاوە

داینادوە، کە نەک لەگەڵ نەیاری خۆی!! بەڵکو لەگەڵ هیچ حیزب و گوروهێکیش قسەنەکات؟! لەبەر ئەوە دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانە حاکمە و کەس بۆی نییە دەخالەت بکات. ئەوکاتیش هەڵسووڕانی نەیار هەر ئەو خەتە سووره و مولاحەزە دیپلۆماتیکەی لەپێشە لە کۆمەڵگادا، کە ئێستا لە موقابیلی کادرەکانی ئەم جونبشە هەیە.
گەڕانەوە بۆ باوەڕی موتڵەق، بۆ حیزبی یەک بوونی و دەسەڵاتی «زۆرینەیە»، لەژێر ناوی دەسەڵاتی حاکمێت و بەرژەوەندی جەماوەردا، ئەمە خۆی قسەیەکی تازە و تازە کەشفکراو نییە. ئەم موتڵەقگەرایی و خۆ یەک مەحوەر بینییە، سیاسەتی کۆن و شکست خواردوە دووبارە دەبێتەوە. ئەحزابی شەرقی بە خۆیان و سەرکردەکانیانەوە، مادامولعومرن. تۆ سەیرکە عەبدوڵای موهتەدی هێشتا نەبۆتە هیچ، جێگەی مادامولعومری بۆخۆی داناوە، ئەوەی لە ڕواڵەتی خۆی دایەدەر، بەغەیرەز شەرمنەبێ هیچیترنیە. داروودەستەی سەرلێشێواوی حیکمەتیست بەهەموو قوماشەکانیەوە، کەسیان قەبووڵ نییە!! ئەمەش یاسای حیزبی کومونیستی ئێران. ئەمانە دایم بەدوای سیاسەتی موتڵەقەوەن و ڕاوی بیری نەیاردەنێن.
هەموو کەس ئەمڕۆکە ئەوە دەزانن و دەرکی دەکەن کە، موتڵەقگەرای حیزبی و مەزهەبی چۆنن و چیانکردوە لەمێژووی بەشەریدا.
حیزبی کومونیستی ئێران، لەئەوەڵ ڕۆژی سازبوونی ئەم حیزبەوە تا ئەمڕۆکە، موتڵەق و خۆ فەرزکەرانە یاساکانیان داناوە، نووسییان، دوایش کە شکستی خواردوە، خۆشیانی لەگەڵ چوون، ئەمەش هەر ئەو ئاکامەی دەبێ. بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، ئەوەیە کە بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان لە موقابیلی ئێرتیجاعدا، تووشی زەرەر دەبێ و بووە. بەرەی چەپ لەو یەکگرتوویەی دەبێ ببێت، تووشی ئەزمە بووە.
هەروەک لەسەرەوە باسمکرد، ئەمەی لێرە دووبارە دەبێتەوە، سیاسەتی حیزبی یەک بوونییە، ئەم سیاسەتەش شکستی هێناوە. هەر وەک دنیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، سیستمی بیرکرنەوەش گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئەقڵی بەشەر بەرەوپێش چووە، حازر نییە خۆی بخاتە ژێر سێبەری یەک سیاسەتەوە. بۆیە ئێمە دەبێ لێرەوە نیگەرانی داهاتووی کۆمەڵگابین، نەک چەند کەسێک و حیزێکی نەیار. قسە لەسەر بوون یان نەبوونی حیزبی کومونیست نییە. لێرە قسە لەسەر ئازادی و مافی ڕادەربڕینە لە دوارۆژی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانەیە، لەژێر دەسەڵاتی ئەوحاکمێتەی کۆنگرەی دوازدە دێتە پێش. قسە لەسەر پاراستنی مافی ئەوانەیە کە، بە یاسایەک دەنگ نادەن و داوای جیاوازیان هەیە،مافی ئەوانە لەم ناوەدا و لە ژێر ناوی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانەدا چی لێدێ؟؟ لە هەمووی ئەو بڕیارنامەیەدا، ئەوە نادیارە.
**بەقەولی دیکارت، کە دەڵێ" باشە ئەوە هەڵبژاردن بوو، دەوڵەت دەسەڵاتی تەواوی بە شێوەی یاسایی وەرگرت و خۆی ڕاگەیاند، کە زۆرینە دەنگیان پێداوە و حکومەتی ئەو بەڕێوە دەچێ. بەم پێیە دەسەڵاتی یاسایی بەڕێوە دەچێ و زۆرینە حکومەت دەکات. ئەی لەم ناوەدا ئازادی چی لێدێت؟ هەڵسووڕانی تاکەکانی کۆمەڵ چیان لێبەسەردێ؟**
ئەوەڵین شت کەلەم یاسایەدا مانای خۆی لەدەست دەدات، ئازادی بێقەیدوشەرتە، ئیدی ئەم شیعارە دەوری نییە. زۆرینە لە ناو قەوارە و دەسەڵاتی شوراییدا کۆبوونەوە. ئەمە قەبووڵە، خەڵکی خۆیان ویستویانە. یاسایە شورا داناوە وحکومەتی قانوونگوزاری خۆی بەدەست ئەوانەوەیە، هەموو بڕیاریک مافی ئەم زۆرینەیە؟! ئەی لەم ناوەدا ئەوانەی ڕەئی بەم نیهادە نادەن وەک دەسەڵاتی شورایی؟ ئەوانەی ڕێکخراوی سەربەخۆیان لاپەسندە و ناچنە ژێرباری ئەم دەسەڵاتە شۆڕشگێڕانەوە چی.. حیزبەنەیارەکان چی؟
لێرەدا پرسیار ئەوەیە ، بەپێ ئەم حوکمە ئیدی مافی دەخالەتیان نییە وەک حیزب و گرو..**هیچ کەسیش حازر نییە قسەیان لەگەڵ بکات**!! دەسەڵاتی بێ ئەملاوئەولای زۆرلێکراوانە و کەس نابێ فزەبکات؟؟ دەبێ لەسەر داوای ئازادی بێقەیدوشەرت بچێتە تەبعیدگاکان و مەیدانی کاری زۆرە ملێ.
هەموو خەبات و تێکۆشانی خەڵکی بۆ ئەوەیە کە نابێ دەسەڵاتی موتڵەق و یەک حیزبی بێ. خەڵکی کوردستان ئەوە بیست و هەشت ساڵە قوربانی دەدات بۆ ئەوەی بتوانێ ئازادی تاکە کەسی پاریزاو بێ!

حیزبی دیموکرات کۆمەڵەی لەسەر داوای ئازادی بێقەیدوشەرت دەکوشت و شەڕی مان ونەمانی لەگەڵ کرد. لەسەر ئازادی بیقەیدوشەرت بوو کۆمەڵە لای نەیارانی ئازادی بووە گولی سیاسی!! کۆمەڵە دەیکوت "نابێ یەک حیزب بەتەنیا مافی بڕیاردانی بێ لە کوردستان!! ئەوە چی لێدێ؟ بەپێی ئەم بەندە لە یاسای کۆنگرەی دوازدەی کۆمەڵە، کە کاک سەلاحی مازوجی نووسیویەتی، ئەوە دژی یەکن. تۆ هەر بۆ خۆت ئازادیت دەوێ وەک تاکە حیزب..یان بۆ هەمووی کۆمەڵگا؟ ئەگەر وایە بۆ هەموانە، ئەمە بۆ وەک دەسەڵاتی موتڵەق چاوی لێدەکرێ؟بۆ حازر نییە واریدیی گفتوگۆ بێ لەگەڵیان؟.

ئەگەر وایە، ئەم میتۆدە ئیدی ڕێگری دەکات لە بیری ئازاد و ڕادەربڕینی سەربەخۆ. کاتێک تۆ مافی ئازادی بێقەیدوشەرتت پەسندکرد و کردە یاسای خەبات و تێکۆشان، قوربانیت بۆ داو لەسەر ئەوە شەڕت لەگەڵکرا. ناکرێ سیاسەتی دژی ئەو داڕێژی و دەسەڵاتی موتڵەق بێنیە پێش. ئەمە حوکمی دژی دیالیکتیکییە لەموقابیلی بەرەوپێش چوونی گەشە وهوشیاربوونی کۆمەڵگادا. تۆ ئاگاهانە پێش بە بەرەو پێش چوونی گەشەو هزری کۆمەڵ دەگری. ئەم بەندە کە شادەماری ئەسڵی هەموو یاساکەیە، نەیارە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی کراوە. پێش بە پوختەبوون و گەشەی هزری سیاسی و فەرهەنگی دەگرێ! دەنگی کەمینەکانی ناو کۆمەڵگا دەخنکێنێ.

بەپێی ئەم یاسایە ئیدی تەنیا یەک باوەڕ حاکمە، نەک باوەڕی جیاواز و فەزای ئازاد بۆ دەربڕینی بیروباوەڕە سەربەخۆکان. بۆیە ئەمە وەک یاسای دەسەڵات بۆ هەر هێزێک تەواو دژی شعاری ئازادی بێقەیدوشەرتە. کاتێک تۆ وەک حیزب هەر خۆتی نە کەسی تر!! ئەمە لەگەڵ ئەو چەمکەی کە بۆ بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و گەشە و هزری کۆمەڵ هەوڵدەدات، هەوڵی پوختەبوونی کۆمەڵگا دەدات بۆ دووری کردن لە سەرەڕۆیی سیاسی و دەسەڵات نەگونجە. بۆیە نەگونجاوە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵە هەوڵی بۆ داوە و ویستوویەتی فەزایەک بەوجود بێنێ بۆ خولقاندنی گەشەی دیموکراسی ناوکۆمەڵ.

هەڵبژاردن و زۆرینە بوون، بەمانای دیموکڕاتیک بوونی لایەنی سەرکەوتوونییە لە هیچ کوێیەکی دنیا. پاراستنی مافی تاک وکۆی نەیار دەتوانێ ئەو ئیدیعایە بسەلمێنێ. کاتێک تاکەکان و حیزبی لاواز بتوانێ ڕەئی خۆیان دەربڕن، ئەو دەسەڵاتەش ئەمانە بەڕەسمی بناسێ و نەیانخاتە قەفەزی شەرت و شروتەوە، ئەوە شەرتی سەرکەوتنی ئەم ڕەوتەیە. لێرە یاسای دەسەڵاتی شۆڕشگێرانە ناتوانێ ئیدیعای ئازادی و دیموکڕاسی بکات. لەبەر ئەوە ڕێگای گفتوگۆی نەهێشتۆتەوە. ئەمە خۆی قۆرخکردنی دەسەڵاتە. ئیدی حیزبی ئازاد و دەنگی ئازادی بێقەیدوشەرت مانای نییە. ئازادی بێقەیدوشەرتیش بۆ کۆمەڵە و خەباتی کۆمەڵە وەک ڕێکخراوی چەپ، تەواو دەچێتە ژێر پرسیارەوە.

ئەوەی دەیبینین و بیستومانە، تا ئێستا بەرتەسککردنی ئازادی لەهەموو حیزبی دنیادا، لەکاتی بە دەسەڵات گەیشتنیاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئیدی تۆ ناتوانی هیچ تەبسەرەو بەندێکی دیکە بۆئەم یاسایە دانێی وبڵێی نا!! من کومونیستم، قەت وانییە. ئەوە شیعاری کاتی ئۆپوزوسونییە، تۆ کاتێک شەرتت دانا، ئیدی کۆمەڵگا ئاوا ئیدارە دەکەی و وەڵامی کەسیش نادەیەوە. لەبەر ئەوە لەم یاسایەدا، زۆرینە حوکم دەکات و زۆرینەش گوێ بەکەس نادات. ئەمەی کە کاک سەلاحی مازوجی دەیڵێ، دەقیقەن خۆسازدانە بۆ دوارۆژ دژی هەموو ڕەخنەگرێک لە کوردستان. هەر بۆیەش هاوڕی برایمی عەلیزادە، لە موقابێلی هەموو نەیارانی خۆیدا و بۆ بەرتەسکردنەوەیان، مولاحەزەی دیپلۆماتیک و ئەمنییەت دێنێتە گۆڕێ.

کۆمەڵە کاتێک لە کوردستاندا، توانی بەردی بناغەی ڕێکخراوە سەر بەخۆ و مەدەنییەکان دانێ، هەوڵیدا فەزای کۆمەڵگا بکاتەوە و ئەو ڕەوتە لە ڕەوتی سوونەتی ناسوێنالیستی و پاوانخوازی جیابکاتەوە. ڕووداوەکانی جنووبی کوردستان و هاندانی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی لە دژی دوژمن، لەم فەزا کراوە و دیموکڕاتیکەدا بوو، کە هەموو توێژەکانی کۆمەڵ کاک فوئاد و کۆمەڵەیان لا قەبووڵ بوو، کردیانە نوێنەری خۆیان. بەپێی ئەم یاسا نوێیە ئیدی کۆمەڵە دەبێ خودا حافیزی لەوانە بکات، لەبەر ئەوە لەو بنەمایە براوە. ئەم هێزەش کە ناوی کۆمەڵەیە، ئیدی ناتوانێ جیاوازی ببێ لەگەڵ بیری کۆنی پاوانخوازی ئەحزابی ناسیونالیست و دژی ئازادی.

بەهەر سورەت ئیدی مەسەلە ئەوە **نییە** ،**سادە شتەکان بڕواتە پێش.** هەر وەکو باسم کرد، هەموو تەیفی ڕەخنەگر، هەموو نفرەت لیکراوەکان، دەبێ جارێکی تر بچنەوە قەفەزی خۆیان. ئەو کۆبوونەوەش کە هاوڕێ برایم گرتی بۆ ئەوە بوو... ئەمە پیشەی هەموو دەوران و کێشە ناو خۆیەکان بووە و هەر واش دەبێت. ئەوەش بە بۆنەی دامەزراندن و بوونی سیستمێکی نا دێموکڕاتیکە لە کۆمەڵە و حیزبی کومونیستدا هەیە.
لە کۆتای قسەکانمدا ئەوە دەڵێم کە، ئیدی من کێشەم بوون، یان نەبوونی حیزب نییە. بۆ ئەوەش هەوڵ نادەم. ئەوە بیروباوەڕی ئەو هاوڕێیانەیە و ڕێزی بۆ دادەنێم و دەبێ لەگەڵی بڕۆن بەرەو چارەنووسی خۆیان. ئەوەی بۆمن گرنگە چارەنووسی ئازادی بەیان و ڕادەربڕینە لەم تەموو مژەدا.

**١٢ ـ ١١ ـ ٢٠٠٧**